چیرۆک



گوڵبەن شەریف

# سپێدەی تیرۆر



لە بەرەبەیانێک و لە ناو پەردەی زاوایەتی بە تورەبوونەوە هەستا و ئەو دەمانچەیەی وا بۆ خۆکوشتنی خۆی داینابوو لە چەکمەجەدا دەریهێنا، فیشەکی سوارکرد و لەسەر ناوچەوانی سپێدە ڕایگرت!.

سپێدە وەکو کەسێک کە چاوەڕوانی هەڵوێستێکی لەوجۆرە لە بەرانبەرەکەی بکات گوتی:

– تکا دەکەم پەنجەی پێدا بنێ!.

بەهۆی ماندووبوونیان لە ئاهەنگ گێڕانی گواستنەوەی سپێدە بۆ هێدی، لە دەرەوە هەموو گەڕەک کپ و خامۆش بوونە و بێدەنگی وەکو سێبەری دووکەڵێکی ڕەش خۆی داوە بەسەر گەڕەک و جیهانێکی کۆنی بۆ خۆی داگیر کردووە.

بەنەیەکەی موسەوی کە سپێدە کردبووی بەزەنگی مۆبایلەکەی لەو خەونە ناخۆشەی کە دیتبووی بەئاگاهاتەوە، ئەو زۆرجار خەونێکی دەدیت. لەم خەونەدا خۆی کچێکی منداڵە و پڕ بەگەرووی دەگری و کوڕێکیش هەندێک لە خۆی گەورەتر، لە بەرپێی کەوتووە و شیشێک لەسەر دڵییەوە دەرچووە و خوێنێکی زۆری لێ دەڕوا. تەماشایەکی ناوی سەر مۆبایلەکەی کرد، هەندێک تێراما و ئەو کاتەی بەبیرهاتەوە کە لەگەڵ هێدی خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ گێڕانی ئاهانگی گواستنەوەیان، بەهێدی گوت:

– دەزانی زەمەن گەورەترین شتێکە کە نهێنییەکان هێواش هێواش ئاشکرا دەکات، من حەزدەکەم کە تا ئێستاش هیچ نەبووە پەشیمان ببیتەوە!.

هێدی هەرچەندە تەمەنی نزیکەی دە ساڵێک لە سپێدە گەورەتر بوو بەڵام بەسیمایدا دیارنەبوو، بەڵکو زۆر هاوتەمەنی یەکتر دیاربوون، هەڵمەت ئەمەش بۆ کچە هەژارێک و کوڕێکی خۆشگوزەران زۆر ڕەوایە، هێدی گوتی:

– گیانەکەم من کۆششێکی زۆرم کردووە تا تۆ بەدەست بهێنم و هیچ شتێک ناتوانێ من پەشیمان بکاتەوە، تکادەکەم جارێکی تر ئەم وشانە دووبارە مەکەوە.

سپێدە گوتی:

– بەڵام هێدی گیانە دەبێ بزانی تۆش کوڕی ئەو کۆمەڵگەیەی، لە زۆر شت نابووری.

هێدی گوتی:

– من تێناگەم چ دەبێ هاوسەری من یەک دەستی هەبێ؟، ئەمە کەی گرفتە، من هەمیشە تۆم وەکو خۆشەویستێکی هەتاهەتایی هەڵبژاردووە، لێگەڕێ زەمەن چیی پێ دەکرێ با بیکات، دەزانی.... زۆر بێباکم!.

سپێدە فرمێسکەکانی لە چاوانیدا قەتیس مان و بەگەروویەکی تاساوەوە ئاهێکی قوڵی

هەڵکێشاو چاوە خەنەییەکانی بڕییە ناو چاوی هێدی و گوتی:
– زەمەن ئەو دایکە بەسۆزە نییە وا بیری لێ دەکەیتەوە. ئەمجا گۆناکانی سوورهەڵگەڕان و گوتی:
– بەڵام نهێنێک لە ژیانمدا هەیە پێویستە بیزانی!
هێدی گوتی:
– پێویست ناکات
سپێدە هەر بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی:
– ئاخر دەبێ ئەوە بزانی من کاتێک منداڵ بووم...
هێدی نەیهێشت سپێدە قسەکانی تەواو بکات، بەهێواشییەوە دەستی نایە سەردەمی سپێدە و بەزەردەخەنەوە گوتی:
– گوتم پێویست ناکات هیچ بڵێی!.
چەندین جاربوو سپێدە دەیویست شتێکی خۆی بە هێدی بڵێت بەڵام لە هەموو جارێکدا هێدی دەستی لە سەردەمی سپێدە دادەنا و نەیدەهێشت قسە بکات.
سپێدە بەدەستی چەپەی مۆبایلەکەی هەڵگرتوو نای بەگوێی چەپەیەوە و گوتی:
– بەڵێ هێدی گیان...
– بەیانی باش خۆشەویستم... دەڵێی تازە لە خەو هەستاوی؟
سپێدە گوتی:
– ڕاستییەکەی بەڵێ لەگەڵ سەدای مۆبایلەکە بەئاگاهاتمەوە.
هێدی گوتی:
– باشە گیانەکەم، من هەموو کەرەستەی ئاهەنگەکەم ئامادەکردووە و وا دەیبەمەوە، حەزدەکەم بێیت.
سپێدە بەگرانییەکەوە گوتی:
– باشە... ماوەیەکی دیکە دێم.
مۆبایلەکەی داخست.
هێدی هەموو لەشی ئارەقە بوو، هەموو هێزی خۆی لە پەنجەی کۆ کردبووە و دەیویست ئەو فیشەکەی وا سواری کردبوو ناوچەوانی سپێدەی پێ بتەقێنێ، سپێدەش کە چیتر ترسی ڕەویبووەوە، چاوەکانی داخستبوو، دووبارە گوتی:

– تکادەکەم پەنجەی پێدا بنێ!.

سپێدە مۆبایلەکەی لە تەنیشت خەوگەکەیەوە دانا، هەستا و خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ ئەوەی بڕوات بۆ لای هێدی، لە ئاوێنەکەوە چاوی کەوتە سەرقۆڵی ڕاستی کە بەبێ دەست وەکو کۆتاکەی سووتابێ دەهاتە پێش چاوی.

دکتۆر بەگریانەوە گوتی:

– ١٠ ساڵە.

سپێدەش لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەی هاواری دەکرد، بەرەو هۆڵی نەشتەگەری دەیانبرد، کاتێک لە قاوشدا بەئاگاهاتەوە دەستی ڕاستەی بەتوندی بەلەفافێکی سپی پێچرابوو!. دایکی لە تەنیشتیەوە بەجلەڕەشەکەوە سەری لە ناو دەستەکانی خۆی شاردبووەوە، لەبەو خۆیەوە دەیگوت:

– ئەی هاوار چیمان بەسەرهات، بۆ دەبێ وامان لەسەر نووسرابێ خودایە؟، ئیتر ئەم نەگبەتە دەبێ چی بکات؟.

سپێدە بانگی لە دایکی کرد:

– دایکە... دایکە

دایکی بە داخورپانەوە سەری هەڵبڕی و تەماشای سپێدەی کرد.

سپێدە گوتی:

–دایکە چیم لێ هاتووە؟

چاوی لە دەستە پێچراوەکەی کرد و گوتی:

–دایکە بۆ وا هەست دەکەم دەستم پێوە نییە؟ دەستم چیی لێ هاتووە؟.

دایکی بەگەرووی دانوساوەوە گوتی:

– بریا مردبای... بریا مردبای.

سپێدە لە ئاوێنەکەوە فرمێسکەکانی تروسکی ئەدا، دایکی دەستی نایە سەرشانی و گوتی:

– ها سپێدە بە (هێدی)ت گوت؟

سپێدە هەر لە ئاوێنەکەوە چاوەکانی داخست، وەکو بێت بۆ دایکی.

دایکی گوتی:

– باشە کچەکەم خەمت نەبێ من لەگەڵ دایکی (هێدی)دا قسە دەکەم و تێی دەگەیەنم!.

سپێدە وەکو کەسێک بەتوندی شتێک بەرسەری کەوتبێت بەپەلە ئاوڕی دایەوە و گوتی:

– نا دایکەگیان.. من حەزناکەم دایە حاجی هیچ شتێک بزانێ، من خۆم هەموو شتێک بەهێدی دەڵێم، دایکە تکادەکەم.. خۆ هەڵبەت دایە حاجی پرسیارت لێ دەکات لە چییەوە وام لێهاتووە!.. ئەوکاتە چی دەڵێیت؟.

دایکی کە قسەکانی سپێدەی زۆر بەلاوە پەسەند بوو گوتی:

– بەڵام خۆت دەزانی کاتمان زۆر بەدەستەوە نەماوە و لە کاتی مارەبڕینەکەشدا هەر لەسەر قسەی خۆت من هیچم نەگوت، ئێستاش گەر پێش وەخت پێی نەڵێیت کارێکی باش نابێت و شەرمەزار دەبین.

سپێدە زۆر بەمتمانە بەخۆبوونەوە گوتی:

– دایکە گیان خەمت نەبێ، بەڵام تکادەکەم هیچ شتێک بە دایە حاجی مەڵێ، من خۆم ئەو کێشەیە لەگەڵ هێدی یەکلادەکەمەوە.

پاش ئەوەی سپێدە خۆی ئامادەکرد دەرگایماڵەوەی لە پشتی خۆی داخست.

هێدی کە ئێستا عارەقەی لێ دەچۆڕا و دەمانچەکەی ڕوو بەسەری سپێدە ڕاگرتبوو زمانی نەدەهاتە گۆ هیچ بڵێت، سپێدە گوتی:

– پێم نەگوتی زەمەن ئەو دایکە بەسۆزە نییە وا بیری لێ دەکەیتەوە!، تکادەکەم بمکوژە!. بڕوابکە باشترین خۆشەویستیت بۆم دەبێ گەر بمکوژی.

هێدی لە ناو ئەو دوکانەی وا کەرەسەکانی لێ کڕیبوو، چاوی بڕییە دەرگاکەی و بینی سپێدە وا دێتە ژوورەوە، لە شوێنی خۆیەوە بانگی کرد و گوتی:

– سپێدە، سپێدە... وەرە باش بوو هاتی.

پاشان کەرستەکانیان کردە ناو تاکسییەکەوە و بەرەو ماڵ ڕۆیشتنەوە، لە ڕێگا سپێدە هیچی نەگوت، تەنیا هێدی گوتی:

– گیانەکەم داوای لێبوردنت لێ دەکەم!

سپێدە لەم داوای لێبوردنە تێنەگەیشت، بەڵام هیچی نەگوت.

نیوەڕۆیەکی هاوین سپێدەی تەمەن ١٠ ساڵ لەگەڵ منداڵێکی هاوسێی خۆیان لە سەربانی ماڵی ئەوان یارییان دەکرد، دایکی سپێدە لەو کاتەوەی کە چەند مانگێک پێش ئێستا پیاوەکەی لە تەقینەوەیەکدا گیانی لەدەستدا بوو خۆی ئیشوکاری دەکرد و ڕۆژانە سپێدەی لە ماڵەهاوسێکەیان بەجێ دەهێشت. ئەو نیوەڕۆیە کە لەگەڵ سەردار یارییان دەکرد، دەستی یەکیان گرتبوو، سەردار چوار ساڵ لە سپێدە گەورەتر بوو، لەو ژوورەی وا

له سەربانیماڵی سەردار بۆ کەرەسەی زیاد درست کرابوو.

– یارییەکی نوێم هەیە حەزت لێیە؟

سپێدە بەدڵ پاکییە منداڵانەکەی خۆیەوە گوتی:

–دەی بابزانم چییە؟

سەردار گوتی:

تۆ خۆت بشارەوە و من هەوڵ ئەدەم بەچاوبەستراوییەوە بتدۆزمەوە، باشە؟.

سپێدە گوتی:

– باشە.

له دەرەوەی ژوورەکە سپێدە چاوی سەرداری بەستەوە و یەک دووجار بەدەوری خۆیدا سەرداری خولانەوە و گوتی:

–دەی وا خۆم دەشارمەوە.

سپێدە چووە ژوورەکە و لە ژێر بەتانییەک کە لە ژوورەکەدابوو خۆی شاردەوە.

هێدی دەستی لەسەر دەمانچەکە دەلەرزی و بەتوندی هاواری کرد و گوتی:

– بۆ پێشتر پێت نەگوتم؟.

سپێدە گوتی:

– تۆ دەرفەتت پێ نەئەدام... ئێستاش کاتی هاتووە، گەر دەتەوێ هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم!.

هێدی کوتی:

– من وا گوێ دەگرم، هەرچەندە هیچ لە کێشەکەش ناگۆڕێ.

سپێدە گوتی:

– نەمگوت تۆش کوڕی ئەو کۆمەڵگەیەیت و لە زۆر شت نابووری... لەگەڵ ئەوەشدا من ئامادەم.

ئەو ڕۆژە هەموو ئامادەکارییەک بۆ ئاهەنگێڕانەکە کراو دەمەو ئێوارە ئاهەنگ دەستی پێ کرد و تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو، هێدی و سپێدەش پاش خواحافیزی کردنیان لە مێوانەکان چوونە ژوورەکەی خۆیان. چەند ساتێکی کەم پێش ئەوە دایکی سپێدە بەچپەوە بە سپێدەی گوت:

– کچەکەم تەواو.. هێدی هەموو شتێک دەزانێ؟.

سـپـێـدە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، بەتوندی هەردوو دەسـتی دایکی گـرت، چاوە ترساوەکانی تێبڕی و گوتی:

– دایکە.. هیچ دەرفەتێکی پێ نەدام!.

دایکی تەواو ڕەنگی گۆڕا و گوتی:

ئەی هاوار.. دەنا هیچ دەرفەتێکش نەماوە لەگەڵ دایە حاجی قسە بکەم.. خوا ڕەحم بکات.

هێدی کە دەستی سپێدەی گرتبوو، هێواش هێواش ڕایدەکێشا، سپێدەش تا تەواو دوورکەوتەوە هەر بەبێ ئومێدییەوە تەماشای دایکی دەکرد.

دایکی سـپـێـدەش بەوپەڕی دڵەڕاوکـێـوە لە مـاڵی خـۆیانەوە دەسـتی بۆ ئاسـمـان بەرزکردبووەوە، لە خـوا دەپاڕایەوە کە تاقە کـچـەکەی بپارێزێ!. ئەو ڕۆژەی دوو ساڵی لەمەوبەری بەبیردەهاتەوە کە بەیانییەکی بەهار لە دەنگە دەنگی پۆلیس بەئاگاهاتەوە بەتوندی لە دەرگای مـاڵی هێدیان ئەدا، چووە دەرەوە بینی پۆلیسێکی گەنج لەگەڵ دایە حاجی دایکی هێدیدا قسەی دەکرد. بەڵام تا ئێستاش نەیزانی پۆلیس بۆچی ماڵی ئەوانیان گەمارۆ دا.

لە ژوورەکەیاندا هێدی تەماشای کرد سپێدە لە پێش ئاوێنەکە ڕاوەستاوە و فرمێسک لە چاوەکانێتی و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە.

سەردار بەچاوی بەستراوەوە خۆی کرد بە ژوورەکەدا و بانگی دەکرد:

– سپێدە سپێدە.

سـپـێـدەش لە ژێر بەتانییەکەوە نەتەقی لە خـۆی بڕی بوو، لە کاتێکدا سـەردار بەتانییەکەشی لە سەری لادا و خۆی دایە بان سپێدە و گوتی:

–دۆزیتمەوە..

ئیدی لەو کاتەی کە سەردار خۆی دابووە بان سپێدە، حەزێک و ئارەزوویەک لە ناویاندا گوزەری کرد، سەردار زیاتر لێ توندکرد و وردە وردە بە نەزانی خۆیان تێکەڵی یەکبوون، پاش چەند ساتێکی کەم سپێدە خوێن بەقاچەکانیدا هاتە خوارەوە، سپێدە کە خوێنە چۆڕاوەکەی سەرقاچی خۆی بینی ئازارێکی زۆر توند لە دامێنیدا هەستا و بە توندی دەستی بەگریان کرد، سەرداریش کە نەیدەزانی چی ڕووی داوە لە ترسا دەستی لە سەردەمی سپێدە دانا و گوتی:

بەڵام سپێدە هێندە بە توندی پاڵێکی نا بە سەردارەوە، سەردار بەپشتدا کەوتە سەر ئەو

شـیـشـەی وا لە تەنیـشت دەرگـاکـەوە بەسـتـوونی بۆ پێـوەدانی دەرگـاکـە چەقـێـنرابوو، دەمودەست شیشەکە لە سەردڵییەوە دەرچوو!. سپێدە کە ئەمەی بینی ئەوەندەی دی شێوا و بەڕاکردن لە سەرەوە بەربووەوە، لە خوارەوە بەتوندی دەستی ڕاستی گیربوو لە شیشە چەقـێنراوەکەی لێـواری سێـیەم پەیژە، کـە کەوتە نـاو حـەوشـەکـەوە هـەسـتـی بەئازارێک و سـەرسـووڕخـواردنێک دەکرد، زۆر بەگرانییەوە هەسـتـایە سـەرپێ و چاوی کـەوتە سـەر ئەو ئاوێنەیەی وا لە سـەرووی دەسـشـۆرەکە و لە ژێر پەیژەکەدا هـەڵواسرابـوو، تەماشـای پرچی شێواوی خۆی کردو چاوی کەوتە سەر ئەو دەستەی کە ئەوەندەی نەمابوو لێی ببێتەوە تەنیا بەپێستەکەیەوە مابوو و خوێنی لێ دەچۆڕا.

سـپێـدە هێندە بە چڕی لە ئاوێنەی ڕامـابوو سـەری سـوڕا، ئەوەنـدەی نەمـابـوو بکەوێت، بەڵام هێدی گرتییەوە و دەستی گرت و بردییە سەرخەوگەکەیان.

هێدی چاوەکانی زەق ببوونەوە و دەیویست دەماری ئەو پەنچە لەرزۆکانی ڕاکێشێتەوە کە دوو سـاڵ بەر لە ئێـسـتـا ویسـتـی پەلاپیـتکەی دەمـانچـەکـەی لەسـەر مـێـشکی خـۆی ڕابکێشێتەوە، بەڵام سەدای دەنگە نەرمەکەی سپێدە پەشیمانی کردەوە، ئەمەش ئەو کاتە بوو کە سـپێدە هـاتبوو بۆ لای دایە حـاجی هێدی، ئاخـر دایکی هێدی ئەوەنـدە بەڕێز بوو هەمـوو خەڵکی گەڕەک خۆشیان دەویست، سپێدە لە هەمـووان زیاتر، لەوکاتـەی کە هێدی دەیویست خۆی بکوژێت گوێی لێ بوو سپێدە بەدایکی گوت:

– دایە حاجی گیان، ئەی کاک هێدی چۆنە؟

هێدی دەمانچەکەی لە دەستی هێنایە خوارەوە و لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، تەماشایەکی سپێدەی کرد، سپێدەش تەماشـای کرد هێدی هەردوو چاوی سـووربوونەتەوە و ڕیشی زۆر درێژ بووە، ڕووی لێ کرد و گوتی:

–کاک هێدی چۆنی؟

هێدی هەروا تەماشای دەکرد و پاش ماوەیەک گوتی:

– زۆر سوپاس، باشە هێشتا کەسێک هەیە لەمن بپرسێ!.

سپێدە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

–خۆمن ئەو کەسەش نییە لێم بپرسێ.

دایە حاجی دەستی سپێدەی گرت و گوتی:

– دەی دانیشە.

سپێدە دانیشت و دایە حاجیش چووە مەتبەخەکەوە و بەدەم ڕێوە هەر بەو ڕیتمە نەرمەی

خۆیەوە گوتی:

– چایەکی شیرینت بۆ دێنم.

هێدی هەر لای دەرگای ژوورەکەی ڕاوەستا بوو، سپێدەش لەسەر مۆبیلە قاوەیەکەی بەرانبەری دانیشت.

چەند ڕۆژێک پاش ئەوە هێدی تەلەفۆنی بۆ سپێدە کرد و پێی گوت:

– من زۆر داوای لێبوردن دەکەم، ئەو ڕۆژە لە بارێکی دەروونی خراپدا بووم و نەمتوانی وەکو پێویست پێشوازیت لێ بکەم.

سپێدەش گوتی:

– ئاساییە، شتێک نەبووە.

هێدی گوتی:

– سپێدە... دەکرێ بتبینم؟.

هێدی لە ماڵێکی پڕ مەعریفە و خاوەن مێژوویەکی پڕ خەبات و شۆڕشگێڕی گەورە بووبوو، لە ماڵەوە خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورە بوون.

ڕۆژێک بەتوندی لە دەرگا درا..

هەر ئەوەندەی دایە حاجی دەرگای دایە سەرپشت، ئەفسەرێکی پۆلیس و کۆمەڵە پۆلیسێک خۆیان کرد بەژووردا. پۆلیسەکان ڕاستەوخۆ دەستیان کرد بە پشکنینی ماڵەکە. دایە حاجی ڕووی کردە ئەفسەرەکە و بە هێمنییەوە گوتی:

– کوڕەکەم دەکرێ بزانم چی ڕوویداوە؟

ئەفسەرەکە لە کاتێکدا کە تەماشای وێنەیەکی گەورەکراوە و کۆنی ئەو پیاوەی دەکرد کە بیکەیسییەکی بەسەرشانەوە بوو و دەستی کردبووە ملی دایە حاجی، وێنەکە لە سەردەمی پێشمەرگایەتی گیرابوو، ئەو کاتەی کە هەردووکیان لە سەردەمی گەنجایەتیدابوون، ئەفسەرەکە گوتی:

– دایە حاجی ئەو پیاوە چی جەنابتان دەبێت؟

دایە حاجی بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– کوڕەکەم وابزانم لە وێنەکەدا دیارە چی من دەبێت، ئەو مێردی منە، نازانم جەنابتان دەزانن ماڵی کێ دەپشکنن؟

ئەفسەرەکە هەستی بە پەشیمانبوونەوە دەکرد، بانگی لە پۆلیسەکان کرد و گوتی:

- کوڕینە بڕۆنە دەرەوە.

پۆلیسەکان هەریەکە و لە جێگای خۆیانەوە سەریان لەم کردەوەیەی ئەفسەرەکە سووڕما. یاریدەدەری ئەفسەرەکە تەماشایەکی کرد و گوتی:

- چی بووە؟

ئەفسەرەکە تەنیا بەچاو تێی گەیاند کە تەماشای وێنەکە بکات، یاریدەدەرەکەش تەماشای وێنەکەی کرد و هەندێک لێوە وشکەکانی خۆی تەڕ کردەوە و بێ قسەیەکی دی بەدوای پۆلیسەکاندا چووە دەرەوە.

دایە حاجی کە زۆر لەم هەڵسوکەوتەیان سەری سوڕمابوو گوتی:

- کوڕەکەم تێناگەم چی بووە؟

ئەفسەرەکە گوتی:

- دایە حاجی جەنابتان کوڕێکتان هەیە بەناوی هێدی؟

دایە حاجی کە تەنیا پەشۆکاوی بەسیمایەوە دیاربوو گوتی:

- بەڵێ، خۆ هیچی بەسەر نەهاتووە؟.

ئەفسەرەکە گوتی:

- ئێستا لە کوێیە؟

دایە حاجی گوتی:-

- ئەم بەیانییە چووە دەرەوە و تا ئێستا نەهاتووەتەوە، خێرە هیچ بووە؟

ئەفسەرەکە لەسەر کورسییەک دانیشت و ماوەیەک ڕووی لە ناو دەستی شاردەوە و کەوتە بیرکردنەوە لەو بەلاغەی کە دژی هێدی درابوو کە گوایە هێدی کاتژمێرێک پێش ئێستا ئەو تەقینەوەیەی ناو بازاڕی ئەنجام داوە و بەرپرسێکی پایەبەرزی حیزبی شەهید کردووە.

پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر ئەفسەرەکە گوتی:

- دایە حاجی وابزانم نزیکەی کاتژمێرێک پێش ئێستا گوێبیستی تەقینەوەیەکی گەورە بووی؟

دایە حاجی ڕەنگی تێکچووبوو، هەر بە ئاماژەی سەری وەڵامی بە بەڵێ دایەوە.

ئەفسەرەکە گوتی:

- بەلاغێکمان بۆ هاتووە کە هێدی ئەنجامدەری ئەو تەقینەوەیە بووە! بەڵام ئێستا دەزانم

کە ئەو بەلاغە وانییە!. چونکە زۆر بەغەم و پەژارەوە لەو تەقینەوەیە باوکی هێدی شەهید بووە!.

دایە حاجی کە هێشتا سیمای گەنجێتی لە دەموچاوی هەڵدەقولا، فرمێسک لە چاوەکانی هاتە خوارەوە.

ئەفسەرەکە بێ ئەوەی بتوانێ هیچی تر بڵێ لە ماڵەکە دەرچووە دەرەوە.

پاش نیوکاتژمێر هێدی لەگەڵ تەرمەکەی باوکی کە ئاپۆرەی سەیارەیەکی گەورە بەدوایەوە بوو گەڕایەوە ماڵەوە، پاش دووکاتژمێری دیکە تەرمی باوکی سپێدەیانیش بەخاک سپارد کە لە هەمان ئەو تەقینەوەیەدا گیانی لە دەست دابوو

لەو ڕۆژەوە هێدی گۆشەگیر بوو، ڕۆژێکیان یەک لە هاوڕێکانی هاتەلای و لە ژوورەکەیدا پێکەوە دانیشتن، ئەم هاوڕێیەی کە ڕیشێکی درێژی هەبوو یەکێک بوو لەو توندڕەوانەی کە دەستیان لە کوشتن و بڕینی خەڵکێکی زۆر هەبوو، بەرانبەر هێدی دانیشت و گوتی:

- برا گیان بەداخەوەم بۆ باوکت.

هێدی کە تووڕەیی لە چاوانیدا دیاربوو گوتی:

- بۆ پێتان نەگوتم؟

ئەو گوتی:

- برا دەمزانی گەر بەوەت زانیبا...

هێدی نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات گوتی"

- بەڵام بۆ من؟

ئەو گوتی:

- چونکە تەنیا تۆ دەتوانی لەوێ نزیک ببیتەوە!.

هێدی بە سەدایەکی بەرزتر گوتی:

- خوا بتانگرێت من باوکی خۆم و جیرانەکەم کوشت

ئەو گوتی:

- دەنگت بەرزمەکەوە و لە سەرخۆبە.

هێدی گوتی:

- لە سەرخۆی چی، من بەیانی هەر هەمووتان ئاشکرا دەکەم، تێگەیشتی!.

ئەو گوتی:

– ناتوانی! چونکە هەرپاش ئەوە ئەمماڵەش بەسەر دایکتدا دەتەقێنینەوە، تێگەیشتی.

هێدی کە دەیزانی ئەو ڕاست دەکات و دەتوانێت تەنیا ئەوەندەی پێ کرا لە ماڵەوە دەریکاتە دەرەوە و گوتی:

– دڵنیابە هیچ ناڵێم بەڵام بەو شەرتەی ئێوەش واز لەمن بهێنن؟.

ئەو گوتی:

– هیچ کارێکمان بەتۆ نەماوە.

چەند ساڵێکی زۆر هەر بەم هەستە ناخۆشەیەوە دەژیا تا ئەو ڕۆژەی ویستی خۆی بکوژێت و لەوەدابوو فیشەکێک بەسەری خۆیدا بنێ، بەڵام گوێی بەدەنگی سپێدە زرنگایەوە کە لەگەڵ دایکیدا قسەی دەکرد، چیتر لەو ڕۆژەوە هێدی بڕیاری دا بۆ سپێدە بژێت.

هێدی کە هێشتا ئەو هەستە توندڕەوەی لە مێشکدابوو، ڕێگای پێ نەئەدا ژیرانە بیربکاتەوە، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە تەماشای سپێدەی کرد و گوتی:

– من دەزانم تۆ هیچ تاوانێکت نییە، بەڵام... منیش کوڕی ئەو کۆمەڵگەیەم.

پەنجەی نا بە پەلاپیتکەی دەمانچەکە بە فیشەکێک سەری سپێدەی تەقان، لەوێش لەسەر بەرماڵەکە دایکی سپێدە بەسەدای ئەو فیشەکە داخورپا و فرمێسک بەچاوانیدا هاتە خوارەوە.

پاشان هێدی چوو بەرانبەر ئاوێنەی تەنیشت دەرگای ژوورەکە ڕاوەستا، هەموو ژیانی ڕابردووی خۆی بەخۆشییەکان و ناخۆشییەکانیەوە لە نێوان خۆی و ئاوێنەکەدا وەک شریتێکی ڤیدیویی بەمێشکیدا گوزەری کرد، دەمانچەکەی بەرز کردەوە و فیشەکی دووەم سەری خۆی پێ تەقان.

دایە حاجی بەتوندی لە دەرگای ژوورەکەی ئەدا و بەهاواری دایکێکی بەسۆزەوە بانگی کرد:

– هێدی.. هێدی.. کوڕە شرینەکەم.

لەم ساتەدا دایە حاجی هەستی بەگەرمییەکی نامۆ و نەرم کرد بەرپەنجەکانی پێی دەکەوتن، کە سەری دانەواندەوە، فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتە خوارەوە، نێوچەوانی نا بە دەرگاکەوە و بەهاوارەوە گوتی:

– ئاخر بۆچی هێدی؟ بۆ؟